# بنـــــاء الـــذات / ملحق 4

بسم اللهالرحمن الرحيم

(الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، الرَّحْمـنِ الرَّحِيمِ، مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ،إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ،اهدِنَـــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ)(الفاتحة 7).

والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه.

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

حەزی ئەوەم بوو ئەو شەو لە خزمەتتان لەو لیقائە کە دەکا چارەمین لیقاء، لە خزمەتتان مراجعەکی سەریع لە لایەنگۆوە لەبۆ ئەو موضوعانەی کە طەرح کرایە، موراجەعەکی سریع لەبۆ حساباتمان ئەو استفسارانەی کە لە لایەنگۆ هەیە ان شاءالله بە تەوفیقی خوای پێمان بکرێ تەبینی کەین، ئەو جوملە ئوموورە کە لە ذهنم بوو حەزم دەکرد عەرضتان بکەم ئەویش انشاءالله قسەی لەسەر دەکەین، عەزیزانم ئیشی مە لەگەر غەیر موختەلیفە، ئیشی مە ئەوەی ئەمە لە صەدەدینە مەقصودمانە، پاش ئەوەی کە زانیمان ئیرادەی خوای جل جلالە لەگەر مەیە دونی مەخلوقاتی دکە مەقصودی مەیە لەمەش بالذات تەغیری داخیلمانە، ئیذەن بالنتیجة دەردەچی ئەمە محاوەلەی ئەوەی دەکەین داخیلی خۆمان بگۆڕین، ئیستیجابەی ئیرادەی خوای بکەین بە داخیل، کەینێ ئەو داخیلە وفقی ئیرادەی خوای گۆڕا ئەو وەختی ظاهریشمان دەگۆڕێ لەسەر قاعیدەی (آمنوا و عملوا الصالحات).

نقطەی یەکەم:

استنتاجمان لەو حالەتەی ئەوەیە عیلاقەمان بەو وەسطەی کە تێیدا دەژین عیلاقەك مونقەطیعە، لە چ بوعدەك؟ لە بوعدی دەعوة عیلاقەمان لەگەر وەسط منقطعة، لەبوعدی دەعوة، لە بوعدی تەناصوح، لە بوعدی أمر بالمعروف نەهي لە مونکەر، لە بوعدی تبيين، تەبشیر، تەبلیغ، اقامەی حوجة، ئەوانە هەمووی لۆ؟ معلومی هەموومانە هەتا ذات خۆی حاملی شتەك نەبی ناتانی ئەو شتە بدا، زۆر جار مەثەلمان هینایە، شخص هەتا پارەی لە گیرفان نەبی ناتانی پارە بەفەرد بدا، عیلم لە مێشکی نەبی ناتانی بەحسی عیلم بکا، غیرەت و رجولەت لە قەلبی نەبی لە فیطرەی نەبی ناتانی مەوقف تەبەیون بکا، ناتانی، لەسەر ئەو قاعیدەی(فاقد الشيء لايعطي)، ئەمە کە زانیمان ئیرادەی باری تعالی لە تەغیری دواخیلي انسانە، انسان خۆی مراجعە بکا بینیتە سەر فیطرە کە حالەی صفرە حالەی حیادە، ئەوجا پاشان ئیشی لەسەر بکا تەمرینی لەسەر بکا لۆوەی بیگەینتە ئەو مستەوایاتە بەرزانە کە باری تعالی لێی دەوێ، ئەو حالەتە ئەو معاناتە وەختی خۆی ناومان نا (تقوى)، ئەمە هەتا لەسەتا دەی ماددە لەناو داخیلمان نەبی پێمان ناکرێ لەسەتا پێنجی تقدیم کەین، وە جائزیش نییە شەرعەن لەسەتا پێنجی تقدیم کەین، ئەگەر لەسەتا دە لەداخیلمان هەبوو، ئەمما ئیددیعای لەسەتا نۆ هەتمان کرد، هەشتا

درجة ئەمە ئیزدیواجیەت دەکەین لەگەڵ خۆمان! لۆیێ ئەگەر تەماشای تاریخی خۆمان بکەین بە مئات الالوف ناصح هەبووە، واعض هەبووە، خەطیب هەبووە مووەجیە هەبووە، بەس ئەوراقی خطبەکان جمع کەین بە أطنان أوراقی خطبە دەبی، هەر لە پاشی خولەفای راشدین هەتا ئێستا خطباء دەیرێن و دەیرێنەوە، أمما لەبەر ئەوەی ذات، متحدث، موبەلیغ، خەطیب، واعض، ناصح، ئامر بە معروف ئەو ناهی لە منکر، خۆی لەهەشتایەکەی مجاملەی لەگەڵ خۆی کردیە، لەبەر ئەوەی ئەو دینە دینی فیطرەیە، نەك دینی زمانە، دینی محامات نییە، لۆیێ هەتا مەوضوع لە داخیل حەیەوییەتی نەبی ناتانی ئەو حەیەوییەتە لە غەیر دروستکا، موعاناتی متەدەیینین لەبۆ تەوصیل و عمقی تەوصیل و حەقیقەتی تەوصیل ئەو نوقطەیەیە، مشکلەمان ئەوەیە حەقیقەت چەند لەناو عمقی شەخص مەوجود بووبی بە نسبیەتی حەقیقەتە ئەوەندە حەقیقەتی پێ طرح کرایەو نقل کرایە لەبۆ عمقی مقابل، مەثەلەن لەسەتا دە تەقوای هەیە، قەناعەتتان بی لە سەتا دە تانیتی تأثیری لە مقابل بکا! ئەگەر زۆر لەبق و متەفەویهو موحامیش بووبی نەیتانییە زیاتر! فە لۆیێ بە صەراحەت بەحس بکەین دەچینە خوطبەی بارعترین خطیب، متمکنترین خطیب، هەر رۆژەك دوو رۆژ أثری خوطبەی لەسەرمان هەیە، ئەگەر زۆر بە قوەت و عنیف بی، رۆژی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم أثەری نامینێ! ماعدای ئەو خوطەبایانە کە فیعلەن لەسەر مینبەر بەواسطەی خوطبەیان خەویان لە عالەمێ هێخستیە ئەوە بەحس ناکەین ئەمە کذلك واعظ، کذلك ناصح، کذلك داعي، کذلك.. الی آخره، مشکلەی مە ئەوەیە، فە لۆیێ با لەگەڵ خوای صادق بین کو لەگەڵ برادەری خۆمان صریحین مجاملاتمان لەبەینی نامینێ با لەگەڵ خوای ئەوها صریح بین مجاملاتی لەگەڵ نەکەین، خۆمان چەند عمقمان صحەتو حەقیقەتی تێدا هەیە ئەوەندە لەگەڵ خوای تعامل بکەین، بەو دەرەجەیەش لەگەڵ خوای تعامول بکەین، ما تبقی دەمینێتە تەفەنون و دبلوماسیەت، ئەوەیە مشکلەی مە ئەوەیە موعاناتمان، فە لێرە هەتا داخیلمان نەگاتە ئەو مستوایەی، مەوضوع نەقل ناکەین لەبۆ غەیر، چونکی دین(دین الله)یە ئیحتیاجي بە محامی نییە، ذاتەك لە هێکرا خۆی نەصبکا لەجێیەك، ببتە متکلم(عن الله)، باری تعالی ئیحتیاجی بەوەی نییە، دەتانی بەوەسائلی دیکە تبلیغ و تبین بکا، هەر بەشەرەکە، اعتراف بەبەشەرەکەش نەکا، یاما باری تعالی وەسائلی هەیە لە بۆ ئەو حالەتەی، فە نوقطەی رەئیسي ئەوەیە فعلەن ئەمە نەبینە ناقل، نەبینە محامی، نەبینە مووەزعی دینی خوای، عیلمەن خۆمان لەناو داخیلمان دین مەحدودە، کەینێ احساسم کرد ئەمن بوعدی تەقوام لەو مەوضوعەی گەیشتە ئەو نسبەتە و ئەو حالەتەی ئەو وەختی جائزە لەبۆمن شەرعەن ئەو مەوضوعەی نەقل کەم، ئەوە نوقطەیەکی رەئیسییە لە أثنای تعامل، هەر غەیرەك لەوەوە انطلاق دەکەین، ئەو تەقوایە کە بەحسیشی دەکەین کە ایمان تەولید دەکا، ایمان انتاج دەینی، ئەو تەقوایە أعراضی هەیە، أحاسیسی هەیە ذات ئیحساسی پێ دەکا،

جملەك مشاعرە احساس بە داخل پێی دەكرێ أعراضی هەیە، فە لۆیێ كەینێ ئەو احساس و شعورە دروست بوو ئەو وەختی مصداقیەتی وضع و حال ئی مطلوب ئیقراری پێ دەكرێ اعترافی پێ دەكرێ لە داخل، ئەو وەختی دەكرێ موضوع بەو موبەسەطە بەو بەساطەتەی خۆی كە لە داخل دروست بووە نقل بكرێ، أما بەمن فەوقی وی و غەیری وی موجامەلەكردنی حەققە كە باری تعالی احتیاجی بەو موجامەلەیە نییە لەبۆمان، عەرضم كردن لە لیقائی یەكەم رسول الله محمد(صلی الله علیە و سلم) بە مەجموعەك حالات داچوو كە لەبۆی تشخیص كرا(مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ)(القلم 2) لە نیهایەتی سورەت((وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِث)(الضحى 11) دیارە مستوای نیعمەت لە داخلی خۆی دەگاتە ئەو حالەتەی ئەو عومقەی حەقی ئەوەی هەبی تەحەدوث بە نیعمەتی خوای بكا، حاشاكی وی حاشاكی وی پەرژینەكی قایم بی، كابرایەك ئیدیعای ملیۆنێریەت بكا رەصیدیشی هەزار دینار بی لە بانق ئەوە درۆ لەگە خۆی ناكا؟ درۆ لە گەر بەشەرییەت ناكا؟ درۆ لەگەل مەخلوقات ناكا؟ ئەگەر(وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ) عومقی لەو مستەوایەی نەبی عومقی لە مستوای(مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ) نەبی كو تانیتی تەحەدوث بە نیعمەتی خوای بكا؟ عیلمەن نیعمەتەكە مادده نییە وەكو عەرضم كردن، باری تعالی لە قورئان ذكری نەعمەو نیعمەی كردیە(اهدِنَــــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِم) شەشەمین سورەتە لە قورئان دابەزیە، ئەوە مەرحەلەك بووە حالەتەك بووە حالەتی لەوی عەمیقتر لەوی متطورتر(وأما) أعوذ بالله من الشيطان الرجيم(فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ الذِّكْرَى) (الأعلى٩) تەذكیر، دەبی مەنفەعەت هەبی، ئەصلەن ئەگەر صاحبی تەذكرە مەنفەعەتی لەبۆ خۆی نەبی بەو عومقەی كەپێیتی كوو دەتانی ئا ئەو تەذكرەیە بەو مەنفەعەتە بەو مستوایە نقل كا لەبۆ غیر؟ ناتانی، ئەوجا بەو تەدەروجەی رسول الله محمد(صلی الله علیە و سلم) خۆی و جەمعی صەحابەی كیرام رەعیلی یەكەم بەو حالەتەی نەشاطیان بووە و حركە و عیلاقاتیان دروست كردیە لەگەر غەیر، وفقی ئەو دوائرانە هەر وەقتەكی تەخەطی ئەو حالەتەی بكرێ ضەربە لە مەوضوع دەدا ذات هیچ، ذات شخص، بەرێ أنواع و أشكال نعووتی لەبۆ دروست دەبی، ماشاء الله چەند عالیمە! ماشاءالله چەند زیرەكە! داعیەكی چەند عە ظیمە! خەطیبەكی چەند متەفەویهـ! ناصحەكی چەند بارعە! ئیمكانییەتی لە قورئان چەند زۆرە! هەر ئەوەندە كەسب دەكا، أما نازانی تەدمیری مقابل دەكا، ان شاء الله خودا لێتان بەدوور دێخی، ئەمن بەحسی خۆم دەكەم، قەناعەتتان هەبی ساعات بووە ساعات سێ سەعات قسەم كردیە بەحسی دین و ئیسلامم كردیە هەموو لۆخۆم بووە، لۆوەی فعلەن بلێین كابرایەكی زیرەكە متمكنە، علمي پێیە، أما أثری سلبی خۆم پاشان لە طەلەبەكانی خۆم كشف كردیە، خۆم چ دەردم هەبووە لەوان ابراز بووە، چ نەخۆشیم هەبووە داخلیی، احساسم پێ ی نەكردیە، عەلاماتم لەوان دیتیە ئەگەر خودا عەفومان نەكا خودا لێمان خۆش نەبی هەر لەسەر

حسابی وانه باری تعالی حەقی هەیە محاسبەمان بکا داخیلی جەهەنممان بکا، لۆیێ صراحة دینمان احتیاجی بە محامی نییە نەخێر، ئەوجا ئەو وەختی محامات لۆ ئەو دینەی ناکەین هەتا فیعلەن مصداقیەتی ئەو حالەتە لە داخیلمان نەبی لۆیێ ئەصلەن بینای عەمودی لەگەر ذاتی رب العالمین عیلاقەی صائب و صحیح مستقیم لەگە رب العالمین أصلی قەضیەیە ما تبقی مجاملاتە من لەگەر دین دەکەم، لۆیێ رب العالمین لە قورئان ذکری طالبی ئەوەی نەبووە دعوة لەبۆ ئیسلام بکرێ، محمد رافعەك دابنیشی دعوة لەبۆ ئیسلام بکا نییە لە قورئان هەموو دعوة لە بۆ ذاتی خۆیتی(جل جلالە) هەمووی، کەینێ ئەو دەعوەیە لەبۆ ذات دروست بوو ذاتی الله(جل جلالە) لەبۆ أسمائی الله جل جلالە ئەو وەختی غەیر حەقی هەیە بەحسی ئیسلامیش بکا، أما پێشی ئەو حەقی ئەوەی نییە(أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ) أما(ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ) (النحل١٢٥) ئەوە لەبۆ ئەهلی کتاب هاتییە ها تێکەڵ نەکەین! ئەو ئایەتە خاصە لەبۆ ئەوانەی أرضیەی کتابیان هەیە، عیلاقەکیان هەبووە لەگەر سماء لەگەر کوتوب ئەوانە(ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ) چونکی کوتوبیان حیکمەی هەیە، جسرەك هەیە بەینی طرفین(وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ) (النحل١٢٥) لەبەر ئەوەی بەداخەوە لە قورئان نەگەیشتینە، هاتینە ئەوەمان سحب کردیە ئەو مقطعە لەبۆ أهلی کتاب لەبۆ عالەممان دانایە، ئەوەی کە کەلئەنعام و ئەوەی لە دونی ئەو انسانە و ناسە بەنی ئادەمە و بەشەرە و مسلم هو لەبۆ وانە مخاطبەی وانە دەکەیەن بەو نەوعەی، ئەوە نوقطەکی مهمە و رەئیسي یە بە تصوری من دەبی ئەمە ئاگامان لێی بی، لۆیێ بە تصوری من ئەگەر ئەمن نەگەیشتمە مستەوای ئەوەی فیعلەن ببمە حاملی شتەك ئەگەر ادیعای حملی ئەو شتەم کرد خیانەتە لەو شتەی ئەگەر خۆم حاملی نەبم، تێم دەگەن؟ ادیعای ئەوەی دەکەم حاملی تقوی مە، حاملی دینم، ئێ دین و تەقواشم تێدانییە! خیانەت لەگەر دین و تقوی یەکەی دەکەم! لۆیێ حەق دەدەینە غێر بێ انتقادی شێخ و مەلاو صۆفی و حاجی و دەروێش و سەییدی بکا، و ئەورۆ انتقادی اسلامیین بکا، حەق دەدەینە غێر، غەیر حەقیتی کە دێ انتقاد دەکا برێ ئەوە ئیسلامەکەیە؟ ئاگادار بن! دەرێ ئەوە ئیسلامەکەیە نالێ ئەوە موسڵمانەکەیە، هیچ گێتان لێ نەبووە هەیە چ دەرێ خەلك چ دەرێ ئەوە ئیسلامەکەیە، تەبعەن ئەوە ئەو استفسارە فیطرییە ها، لە عمقی فطرە دەردەچێ لۆ؟ چونکی ئەصلەن باری تعالی فیطرەی وەی بە نەقاء خەلق کردیە، ئیسلامەکەی بە نەقاء دانایە، هەردووك تەلاقیی دەکا، ئەوەی کە حاملی ئیسلامەکەیە کە خواری کرد یەکسەر ابعاد دەکا، دەرێ: ئەوە ئیسلامەکە نییە! لۆیێ بە استفهامی استنکاری ئەوەیە ئیسلامەکە؟! نالێ ئەوەیە موسڵمانەکە، وەیە یان نا؟ با ئەمەش وەنەبین ئەمەش وەنەبین، ئەوە نقطەکی رەئیسییە، رجادەکەم وەسیەتم ئەوهایە هەتا خۆمان داخیلمان احساس بەو تەغیرە نەکەین ئیدیعای ئەو حالەتە نەکەین، پاشان ئەوەی صەراحەتەن لێرە لەو مەجالیسانە بەحس

دەكرێ هەمووی لەبۆ خۆمانە فقط لەبۆ غەیر نییە، هەر عیلاقەمان بە غەیر دانییە بەتاتەن، خۆمان لە غەیر بەچاكتر نابینین، بە صالحتر نابینین، بە موتتەقیتر نابینین، بەساحێبی ئەو غەیرەی نابینین، ئەوە ئەو، لەعەینی وەقت تعامولمان لەگەر غەیر لە قیممەی تەنازول و ئیثارو احترام و تەقدیرە، ئەوە مەوقیفمانە، وەكو عەرضم كردن، دیسان تكرار دەكەم ئەو میكرۆبەی كە تووشی نەخۆشیمان دەكا ئەو ئەلەمەی كە احساسمان پێ دەكا ددانمان پێی دێشی ئەومان خۆش دەوێ، خۆشمان دەوێ، چونكی خودا خالقیتی مستحقی نەخۆشی ببم ئەمن، مرحبا بەو میكرۆبەی كە فیعلەن ئەگەر بەدەنی من ضعیف بوبی ضەربە و ضەرەر لەمن بدا، ئا! چونكی كەشف دەكا ئەمن خۆم احتیاجم بەوەی هەیە بچمە دكتور موراجەعەی خۆم بكەم، واضحە برای من، ئەوجا بەو تسلسلەی و بەسەردەكەوین مەوقیفمان لەگەر جمادات نفسی شتە، هەرچی بەرد هەیە، هەرچی چیا هەیە، هەرچی ئاو هەیە، هەرچی هەوا هەیە، هەمووومان خۆش دەوێ، لەگەر نەبات خۆشمان دەوێ، ئەو وەفایەی نەبات لەبۆمەی هەیە ئەمە لەبۆ ویمان نییە! ئەو خزمەتەی نەبات بەمە دەكا لەسەتا دەی مان نییە لەبۆی، ئەقەللەن ئەو ویددەمان هەبی لەگەری، ئەو احساس و شعورەمان هەبی لەگەری، كذلك لەگەر حیوانات، ئەوجا لەگەر مەخلوقی وەكی خۆمان، ئەوجا انسانە ناسە بنی آدمە.. الی آخرە، هەموومان خۆش دەوێ(دع عنك ما یحملە من الفكر)ی،ئیتیجاهی، تەصەوری، فیكری، هیچ عیلاقەمان پێدا نییە، كەینێ(محمد رافع) لە مستوای ئەو ذاتە تەبیینی كرد، ذاتەكە تبلیغی كرد، تەبشیری كرد، تەنذیری كرد، بووە شەهید لەسەری، اقامەی حوجەی لەسەر كرد، لە مستەوای ایمان و تەقوای قورئانی، ئەو وەختی حەقی هەیە بێ نوعوت و اوصاف لەبۆ ئەو ذاتەی دروست بكا، حەقی ئەوەی دەدەینێ بێ بەوەی بڵێ: كافر، بەوەی بڵێ فاسق، بەوەی بڵێ فاجر، ئەو وەختی ئەو حەقەی دەدەینێ، أما هەر لەو گۆڕەی! توخوا ئەمە خۆمان لە مەلای رازینە هەتا مەلای بكەینە وسیلەی اقامەی حوجە لەسەر غەیر، لەشێخی رازینە هەتا شێخی بكەینە سەبەبی تبین ی دینی خوای لەبۆ غەیر، ئێ ئەو عالیمەش وەلیدی ئەو وەضعەیە ئەو بیئەیەیە! لۆیێ مەوقیفمان بەرامبەر غەیر ایجابی لە قممە، ئەوجا لەناو وان فیئەی ئیسلامی دێ بەهەموو اتجاهات و خطوطی هەموویان برامانن، خزمەتچی هەموویانین، واضحە؟ موسڵمانە حەزی لێیە بۆكسەكت لێبدا رووەمەتی دەدەمە بەردەستی قەیدی ناكا با مرتاح بی، با ئەو كەدەرەی ئەو غیللەی لەناو قەلبیتی بەواسطەی ئەو بۆكسەی دەردێ، مورتاح بی لۆخۆی، حەزی لێیە غەیبەتم كا گەردەنی ئازابی، واضحە؟ لە مەوضوعی ذات هەرچی مترتبات هەیە گەردەنی ئازابی، أمما لەسەر خۆمان بە هیچ نەوعەك(لامن قریب ولامن بعید) حتی بە اشارەت بە خراپە بە شبیهی خراپە ناوی كەس نایەنین، واضحة جەماعەت لەگەرمن یان نا؟ رجادەكەم ئەوەی لەگەرم نییە با دەستی برندكا، لۆوەی فیعلەن بگەینە تفاهم، كێ دەرێ ئەمن صەحیحم وەنیە كێ دەرێ

ئەمن صحيحم؟ ئەوەی لەگەرم نييە با دەستی برندكا مناقشەی دەكەين يان اقناعم دەكا يان اقناعی دەكەم، وەنييە؟ جەومان جەوی ديموقراطيە بەرێ بەرێ بەرێ

خۆشەويست دەفەرموی: (يا معشر القريش اشتروا أنفسكم من الله لا أغني عنكم من الله شيئا يا بني عبدالمطلب لا أغني عنكم من الله شيئا يا صفية عمة رسول الله لا أغني عنك من الله شيئا يا فاطمه بنت محمد سليني ما شئتا لا أغني عنك من الله شيئا)

بەڵێ سەت قورئانی لەخۆمان بپێچين هەتا داخيلمان تەغير نەبی فائيدەی نييە! لۆيێ ديسان تكرار و اعادة ئەمە خۆمان جوهد لەگەر خۆمان صرف كەين خۆمان بكەينە پياو، خۆمان بكەينە مؤمن، خۆمان بكەينە صالح، خۆمان بكەينە شهيد، خۆمان بكەينە صديق، هەموو لەدەستمان دێ هەمووی لەدەستە خۆمانە، قەناعەتتان هەبی ماددەی أولی ئەوانەمان هەموو درايتێ، أمما خەلەل لە خۆمانە، خەلەل لەخۆمە ئەمن چەللبی گوناهی ديكە دەبم گوناهی غەير، نقص لەخۆمە دەمەوێ عەيبەی غەيری كشف كەم لۆوەی تبرير لۆخۆم بينمەوە، هەتا گوناهەكەم پێ بكرێ ئا استنادی لەسەر بكەم، فە ئەو نقطەيە رئيسييە و مهمە مناقشە لەسەری نەما، وەنييە موقيرن پێی؟ كە شت هەتا لە داخيلمان دروست نەبی تەفەوهی پێ نەكەين، جهودمان صەب كەين لەبۆ تغيری داخل، ئەو وەختی تعامل بەو داخلە متغييرە تعامل لەگەر غير بكەين، تعاملی ايجابی تعاملی بەنناء ئەوە ئەو.

دێتە سەر ئەو حالەتەی باری تعالی دەفەرموی: أعوذ بالله من الشيطان الرجيم(بسم الله الرحمن الرحيم) (يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ وَيُدْعَوْنَ إِلَى السُّجُودِ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ خَاشِعَةً أَبْصَارُهُمْ تَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ وَقَدْ كَانُوا يُدْعَوْنَ إِلَى السُّجُودِ وَهُمْ سَالِمُونَ،فَذَرْنِي وَمَن يُكَذِّبُ بِهَذَا الْحَدِيثِ سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُون وَأُمْلِي لَهُمْ) هەمووی خۆيتی(إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ)(القلم٤٥) دێ هەتا دەگاتە ئەو حەددەی يەكسەر دێتە سەر ذاتی شەخصی يەكەم(وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ الْحُوتِ إِذْ نَادَى وَهُوَ مَكْظُومٌ، لَوْلَا أَن تَدَارَكَهُ نِعْمَةٌ مِّن رَّبِّهِ لَنُبِذَ بِالْعَرَاءِ وَهُوَ مَذْمُومٌفَاجْتَبَاهُ رَبُّهُ فَجَعَلَهُ مِنَ الصَّالِحِينَ)(القلم٥٠) بزانێ؟! پێغەمبەر(صلى الله عليه و سلم) ئيرادەشی هەبوو باری تعالی مراقبي ئەو ئيرادەيە أمما ئەگەر بێتو فيعلەن داخيلی پێغەمبەری مطابق نەبی لەگەر ئيرادەی خوای تووشی حالەتەك دەبی، ئەوحالەتە پێغەمبەرەك وەختی خۆی تووشی بووە، لۆيێ ئەمرە(فلا تكن)، حتى نون نونی لەگەری استعمالی كرديە لەجێی ديكە(فَلاَ تَكُ فِي مِرْيَةٍ) (هود١٧) زۆر جێی اهتمام نييە كەليمەكەش بە خەفيفي دێتە دەرێ(فلا تك في مرية) چونكی خودا خۆی تەوەللی قضية دەكا، لێرە لەبەر ئەوەی لەگەر داخلی پێغەمبەر قسان دەكا قيچەك پێغەمبەر احتياجی بە مراجعە هەيە دەفەرمی:(فلا تكن) لە جێيەكی ديكە مراجعەی زياتری پێ دەوێ(فلا تكنن) تەماشاكە باری تعالی زۆر جار دەرێين موهەنديسە، بە مقصود كلمات استعمال

دەکا(وَلَا تَكُن) وەکی کێ؟(كَصَاحِبِ الْحُوتِ) بەحسی(إِذْ نَادَى وَهُوَ مَكْظُومٌ)(القلم٤٨) بەحسی نەتیجەی دەکا، کەینێ؟ (نادی)(فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَن لَّا إِلَهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ)(الأنبياء 87) (لَوْلَا أَن تَدَارَكَهُ نِعْمَةٌ مِّن رَّبِّهِ لَنُبِذَ بِالْعَرَاء وَهُوَ مَذْمُومٌ)(القلم 29) نتیجەت دەداتێ، پێغەمبەر و جەمعی مؤمنین دەبی لەداخیلی خۆیان جوملەك طاقات اضافي صرف کەن لۆوەی تووشی ئەو حالەتەی نێن، ئیذەن ذاتە وەدەکا ذات وەدەکا مقابل بەو نوعەی تعاملی لەگەر بکا، لۆیێ لە خزمەتتان لە لقائی یەکەم گوتم ئەمن سەبەب بووم لەبۆ قطعی ئەو دەرسانە دەڵێم من خۆم بە متهم دەزانم جملەك نقص لە داخیلی خۆم هەبوو ئەمن، ئەمن عقوبە درام پێی، أما برایانی موجودیش ئەسەریان هەبوو، هەبوو بێ ئەوەی حەملی موضوع ببی متغیر بی لەداخلی خۆی سرڕەن قضیەی نقل دەکرد لەبۆ خارجی جەلسە، وەکو مەعلەمەك لە جێیان بەحسی دەکرد، طرحی دەکرد، نشري دەکرد، عیلمەن مەوضوعی مە موضوعی نشر و طرح نییە موضوعی تەغییرە، ئەگەر بمانەوێ طرحی بکەین خۆمان ساحێب مەکتەبەینە بە سێ چار نووکە قەلەمان دەیکەینە موضوع و دایدەنێین و نەشری دەکەین، أما ئەو مەوضوعە مەوضوعی تەغییرە، دەبی ذات پێی تەغیر ببی ئەو شەخصە یە مغيير موضوعەکەی نشر دەکا بە تەغیری خۆی، فە صەراحەتەن تەقوای مە جوهدی مە لەبۆ تغیری داخلمان فقط بطاقەیە لەبۆ نەهێشتن تووش نەبوونمان لەبۆ دیسان فەترەی یەکەم، واضحە برایان؟ ئا، ئەمانەتی موضوع تأكيد لەسەر تەغیری داخل ئەوە أصلی موضوعە، أصلی قضیەیە، أصلی مطلوبە، غەیری وەی دەبتە ثانوي، دێتە سەر دائیرەی احتكاك لەگەر أوساطی دیکە ئەو جۆرە جەلەساتانە وەسیەتم ئەوەیە تەکتیمی شت، هەتا هاتووچۆ لقائات، ئەوە هەمووی لە دائرەکی ضیقي خۆمانە بمینێ، یعني چەندمان پێ بکرێ بەواسطەی تقوی ان شاء الله بە واسطەی ئەخذی بیلئەسباب زەمەنی لێك دابرامان بەدوور بێخین، کە ئەو حالەتە فیعلەن و دەبی حائیلەك مانعەك ئەمن لەنگۆ قەطع بکا، زەمەنی ئەو قەطعەی بەدوور بێخین چەندمان پێبکرێ فە ئەو تەقوایە کە ئەو برایە ئیشارەتی لۆ کرد ئەو حالەتە صەممامە ئەمانییە دروست دەکا، لە لیقائی یەکەم ئیشارەتمان لۆی کرد پێغەمبەر(صلی الله علیە و سلم) مەفاهیمی ئەمنی بەواسطەی فەتحی دەوراتی ئەمنی نەقل نەکردە ناو قولوب وعوقولی صەحابە نەخێر، بەس میزان و میفتاحی تەقوای نیشان دان، ئەوان خۆیان کە ئیشیان بە تەقوایەکەی کرد ئەو حالەتە لە داخلیان دروست دەبو، و بە قیممەی ئەخذیی بیئەسبابی ئەمنی تەعامول و نەشاطیان دروست بوو، عەرزم کردن لە لیقائی یەکەم ئەبوذەر بە چ ئسلوبەك بە چ مەرحەلەك بە چ جوهدەك حەذەری و حیطە منداڵەکی حەفت ساڵی عەلی ناو گەیاندیە خزمەت پێغەمبەری، لەبیرتانە؟ باشە پێغەمبەر(صلی الله علیە و سلم) دەوراتی لەبۆ کردبۆوە؟ حیسابمان کردیە ئەگەر پێغەمبەر(صلی الله علیە و سلم) وفقی تەخەصوصاتی صەحابە وە ئەدای

موتـەكامليان لـە واقعـی خۆيـان، ئەگـەر دەوراتيـان لۆ بكردبـاوە پێغەمبـەر(صلـی الله عليـە و سلم) دەبـا عومری بـە هـەزارەها ساڵ بـی! ئـەمما قەضيـە مەربوطـە بـە تـەقواو بـە مەوهيبـە فـە ان شاءالله چەند تـەقوامان هـەبی چەنـد تـەقوای خـوای بكـەين معيـار وە ميزان بـە واسطـەی ئـەو تەقوايـەی تـەحويل دەكرێتە واقيع، و باری تعالی ش قەناعەتتان هەبی ريعايەتمان و عينايەتمان دەكا،
دووەممـان بەحسـی ذات لـەو وجـودەی كـە تێيدا دەژی لـەو دائيرەيـەی كـە تێيدا مـەوجودە، بەحسـی ئـەوەمان كرد كـە مەوهيبـە لـە داخيلـی ذات مەخلوقـە، و بـاری تعالی بـە ئەمانـەت مـەواهيبی تـەوزيع كرديـە لـەبۆ ئـەوەی كـەينێ ذاتـەكان شەخصـەكان تانيان بەواسطـەی ئيمـان فيطرەی خۆيـان بـە ئيش بێيـەخن مەواهيبـەكان كەشف ببی، لەبـەر ئـەوەی ئيرادەی خوای لەسـەر وجود بەواسطەی روسول تەحويل كرايتە واقيع، روسوليش پاشی خاتم الانبياء والرسل محمد(صلی الله عليە و سلم) ئينتهای پێ هاتيـە، ئيـدی پاشـی پێغەمبـەری(الـی قيـام السـاعة) بـاری تعـالی بـە واسطـەی مەوهيبـەی جـەمعی مؤمنين(يا أيها الذين آمنوا) ئا ئەو دينە نەقل دەكا جيلەن عەن جيل(الی قيام الساعة)، فە لۆيێ لەهەر جێيـەك، لـە هـەموو زەمانـەك، لـەهـەر بوقعـەك، كـە شەخسـی تێدا بـژی بـاری تعـالی جوملـەك لـەو ئەشخاسانە كە ئەصحاب مەواهيبن بەواسطـەی ئيمان ئيجاديان دەكا لەبۆ ئەوەی قائم بن بە موهيمەی روسول، ئـەو مەوهيبانـە متەنـەوويعن تێيان داهەيـە باری تعالی ئيمكانييـەتـی قسـەو تـەبليغی دەداتێ، مەوهيبە هەيە دەتانی بەيان بكا وەبكا صـەميمی ئينسانەكە بەيان بكرێ، موخاتەبـەی صـەميم و داخلـی ذات بكا(وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلاً بَلِيغاً)(النساء٦٣) يەعنی(يبلغ أقصـی مدی داخل الانسان)، تێيان دا هەيە باری تعالی بەس مەوهيبەی تەفكيری دەداتێ، فكر، بـەو نەوعـەی هـەر يەكە مەوهيبـەكی هەيە وەكو جيهازەك، وەكو سـەيارەك، هـەر بەشـەكی ئـەو سـەيارەيە دەوری خۆی دەبينـی لەئەسنای ئيش كردنـی سـەيارە بـە گچكـە يـان بـە گـەورە، ئـەو بەشـە لـەو سـەيارەيەی كـەم ببی فەقد بكرێ يـان بشكێ خەلـەل دێيختـە سـەر ميكانيكيـەتی ئيشـی سـەيارە، ئـەو جوملـە مەواهيبانـەش وەكو ئـەو سـەيارەيە بەواسطەی ئيمان كە دەگەنە يەكتری(ياأيها الذين آمنوا) دروسـت دەكـەن، ئـەو وەختـی وەكـی جيهـازی سـەيارەی ئـەوانيش دەتـانن قـائم بـن بـە موهيمـەی تـەبليغ، و بـە موهيمـەی تـەبين، بـە موهيمـەی تـەكليف، تـەكليفی روسول، لۆيێ بـاری تعالی لـە قورئـان كـە دەفـەرمی:(الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَداً إِلَّا اللَّهَ وَكَفَى بِاللَّهِ حَسِيباً)(الأحزاب 39) دائيمـە قورئـان بـە(يا أيها الذين آمنوا) ئـەمری صـادر كرديـە(يا أيها المؤمن) لـە قورئـان نييە، ئيذەن ئـەو جوملـە مەواهيبانـە كـە دێ تەجميع دەكرێ دەورەك ئەدا دەكا ئەوە بەديلی روسولە لەو زەمانـە و لـەو مەكانـە، ئەمـە لـەو بوقعـەی ئێستا مەوجودين لەو زەمانە و لەو مەكانە ئەگەر هاتوو فيعلەن خۆمان ئيعداد بكـەين لـەبۆ ئـەو حالەتـە بكە باری تعالی وەصفی كردبی لە قورئان دەكرێ نـائلی ئا ئـەو شـەرەفە ئەو مەقامە ببين، ئـەگـەر

مولاحەزەی خۆمان بکەین جەمعی مەوجود بە تەوفیقی خوای هەمووی هی دەوروبەری هەولێرینە، ئەگەر داخلی هەولێر، ئەگە خارجی هەولێر ئەو مەوقیعە جوغرافیە ئەو مەنطیقەیە لەبەر ئەوەی ئەو ذەواتە لەو زەمانە مەوجودن لەو مەکانەش مەوجودن ویلادەیان ویلادەی ئەو مەنتیقەیەیە، ئیرادەکی موعەییەن کە باری تعالی بە تەقدیری خۆی بەو نەوعەی دانابی ئەو جەمعە بەو نەوعەی لەو زەمان و لەو مەکانە جەمع ببن خڕ ببن، ئیرادەك ئەدا بکریٚ بالنتیجة ئیذەن تەواجدمان لەو زەمان و لەو مەکانە حالەك ئیعتیباطی نییە، حالەك فەوضەوی نییە، حالەك عەفەوی نییە، موصادەفە نییە، ئیننەما هەرچی خودا کردبی لەو بوعدەی هەمووی تەقدیرە موقەددەرە موقەننەنە وفقی ئیرادەك موعەییەن هاتیە، کەینیٚ ذەواتی مەوجود تانی تەشخیصی ئەو حالەتەی بکا ئەو وەختی تانیتی خوطوەی یەکەم باویٚ(نحو ارادة الله) لەو جێیەی، لەبەرئەوەی ویلادەی ئەو جێیەیە لە عاردی ئەو جێیەی کأنە لە خۆڵی ئەو جێیەی خەلق بووە وەکو نموذەجی یەکەم(ولا یزال) لە ئینتاجی ئەو عاردەی دەخوا لە نەبات لە حەیوان، ئیذەن نەوعەن نەوعەن ئیرتیباطەکی موعەییەنی هەیە بەو عاردەی ئەو ئیرتیباطەش ئیرتباطەکی جوغرافی و فیزیائی نییە، عەطائەك موعەییەن و باری تعالی داینایە ئەو ذاتە فیعلەن لەو مەقامەی لەو زەمانەی لەو جێیەی لەو عاردە ئیستیفادە بکا، ئینتاجی ئەو عاردەی بخوا ئینتاجی‌حەیوانی ئەو عاردەی بخوا هی ئەو جێیەی بخوا، دێینە سەر تەوزیعی جوغرافی باری تعالی لەبۆ ئەو ئەشخاصانە، برایەك میثالەکی جوان دەینی جاروبار کە دەفەرمی: باری تعالی حەیوانی دروست کردبی خوصوصیەتی حەیوانەکەی موافیقی بیئە و زەمان و مەکانەکەی دروست کردیە، مەثەلەن کە مەثەل دەینی حوشتری بە مەثەل دەینی زۆر جار، دەریٚ باری تعالی کە حوشتری خەلق کردبی بەو شکل و بەو هەندەسەیە خەلقی کردیە مولائیمی جەوی صەحرایە، نەوعە ورچەك هەیە(دب) لە قوطبی شیمالی دەژی پیٚ ی دەگوتریٚ(الدب الابیض) رەمزی ئیتحادی سۆڤێتیە مەنتقەی سێبیریا و ئەو جێیانە دەژی وورچی سپی ئەو وورچەیە شکل و هەیئەتی و پیستی و ثوخنی جلدی و چەوری بەدەنی وفقی ئەوهای خەلق کرایە کە لەو جێیە بتانی بژی، باشە ئەگەر ئەمە جێمان پیٚ گۆرین وورچمان هینا صەحرای حوشترشمان بردەویٚ دەژی؟ نەخێر دەفەوتیٚ! ئەوە تەقدیرە یان نا؟ تەقدیرە(خَلَقَ فَسَوَّى)(الأعلى 2) (قَدَّرَ فَهَدَى)(الأعلى 3) چبکەین؟(سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى)(الأعلى 1)، ئیذەن باری تعالی لەو جوملە شوخوصانە دەتانی تەبلیغ بکا، ئیذەن ئەمە موقابیلی ئیرادەی خوای لەو زەمان و لەو مەکانەی حوڕ نینە طەلق نینە موقەییەدین وفقی ئیرادەی خوای، کو کابرای جوندی بە ئیجازە دادەبەزی، بە ئەمری قیادەی خۆی نەقل دەکریٚ لە جێیەك لەبۆ جێیەك، ئەبەو نەوعەش دەبی ئەمە تەعامول بکەین لەو واقیعەی، لۆیٚ لە لیقائی یەکەم ئی ئەوشۆ بەحسی ئەوەمان کرد پێغەمبەر(صلی الله علیە و سلم) موجەرڕەد ئیرادەکی بوو باری تعالی ئیشارەتەکی سۆری لۆ پیٚ

کرد! ئەمما ئیشارەتەکە ئەمر نەبوو حالەکی موعیبەنی رەسوولەکی لەبۆ نەقل کرد(وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ الْحُوتِ إِذْ نَادَى وَهُوَ مَكْظُومٌ) (القلم ٤8) باشە(صاحب الحوت) نییەتی چ بوو نەقل کرا؟ (صاحب الحوت) خۆی خۆی نەقل کرد، حەزرەتی یونس رەسول بوو(وَأَرْسَلْنَاهُ إِلَى مِئَةِ أَلْفٍ أَوْ يَزِيدُونَ)(الصافات١٤٧) عەدەدیان، لە نەینەوا، موصلی ئێستا، بە قەناعەتی خۆی بەسە، هەتا کەینێ ئەو دەورە ببینی؟ کأنە وەکی حەزرەتی نوح (ربي اني دعوتهم ليلاً نهاراً سراً جهاراً كلما دعوتهم جعلوا أصابعهم) کأنە حەزرەتی یونسیش ئەو های کردیە، شەبیهی وییە، لەقەراری داخیلی خۆی بەسە چی دی ئەوانە موستەحەققی ئەوەی نینە ئەو ذاتە لەناویان بمینێ، لۆیێ ئەمرەکی لۆ خۆی صادر کرد، چ بوو؟ ئنتیقال کا لێرە لەبۆ جێیەکی دیکە هەر ئەوەندە! یەکسەر باری تعالی گرتی، محاسەبە کرا محاکەمە کرا حوکمیش لەسەری دەرچوو بە سجنی ئەبەدی، سجنی ئەبەدی ئینفرادی، لە جێیەکیش ببی نە عارد بی نە عاسمان، لەناو بەطنی حوت! باری تعالی دەفەرمی:(فَلَوْلَا أَنَّهُ كَانَ مِنْ الْمُسَبِّحِينَ، لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ)(الصافات ١٤٤) نالێ یوم الدین(یوم یبعثون) پاشی(یوم الدین) یش ئەوە سجنی ئەبەدییە، عومری ئەوەندە درێژ دەکا لەو سجنە ئینفرادیە بەتەنێ، لۆ؟ بەس ئەوەندەیە ئەمری خۆی خۆی صادری کرد، عیلمەن رەسول بوو دەبا چ بکائینتزاربکا هەتا ئەمری ئیداری لەبۆی دەردەچی، کەینێ ئەمری ئیداری دەرچوو ئەو وەختی ئەو دێ قائیم دەبی بە تەنفیذ، باشە ئەگەر ئەوە بە نسبەت ئەنبیاء و روسول لە ئوممەی خۆیان ئێستا پێغەمبەری مە(صلی الله علیه و سلم) وەفاتی کردیە، مؤمنین قائیم دەبن بە دەوری ئەنبیاء و روسول لەناو ئوممەتی خۆیان، ئایا ئینتقال حەرەکەو تەنەققول و هاتووچوو بەکەیفی خۆیتی ذات؟ قەناعەتتان هەبی بە سەتا سەت ئەو قسەیەی دەکەم ویلادەی مە لەو هەولێرەی بە ئیرادەی خوایە لەو زەمانەش بە ئیرادەی خوایە، لۆ ئەمن لە سولەیمانی ویلادەم نەبوو لۆ لە دهۆك ویلادەم نەبوو؟ عیلمەن لە سولەیمانیش برادەرمان هەیە لە دهۆکیش برادەرمان هەیە، وەنییە؟ ئیذەن ئەو جێیە حەقی لەسەرمان هەیە ئەو جێیە حەقی لەسەرمان هەیە، تەمەشا بکەن لەبەر ئەوەی پێغەمبەر(صلی الله علیه و سلم) ویلادەی مەککە بوو هەژدە ساڵ عوتاتی مەککە بوونە مانیع دەعوە لە مەککە نەکرێ، هەر گەڕاوە لەسەریان هەژدە ساڵ صەبری کرد لەسەریان، هەژدە ساڵی رەبەق صەبری گرت پێغەمبەر لەسەر مەوطنی خۆی، ئەمما پاشانیش فەتحی کرد هەژدە ساڵ مەوطنی عوتات ظەلەمە موجرمین بوونە حائل، ئیمان، هیدایەت، تەقوا، نەگاتە مەککە، هەر وازی نەهینا واضحە؟ لۆ؟ چوونکی هەموو خەلایای بەدەنی قەرداری عاردەکەیتی، لەوێ خەلقی کردیە باری تعالی، لۆیێ ئەگەر خودا ئیخراجی نەکردبا بە ئەمر لەبەر ئەوەی میللەتەکەی قبولیان نەکرد(لولا قومك أخرجوني ما خرجت)، بە عایئشەی دەفەرمی: پێغەمبەر(صلی الله علیه و سلم) هیجرەتی نەکردیە طەبعەن ئیخراجە(لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ

يُخْرِجُـوكَ) (الأنفـال30) تەسەلسـولی ئايەتەكـە(إِذْ أَخْرَجَـهُ الَّذِينَ كَفَـرُواْ ثَـانِيَ اثْنَـيْنِ) (التوبـة٤٠) پێغەمبەر ئیخراج كرایە هیجرەت نەكرایە، ئەگەر بهاتبا پێغەمبەر(صلى الله عليه و سلم) ئیخراج نەكرابایە دەرنەدەچوو، كەلیمەی ئیخراج(الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ) (الحج٤٠) قووەتەك فەوقییە دەفع دەكرێ(لولا قومك اخرجوني ما خرجت) واضحە؟ لۆ؟ چونكی ویلادەی وێیە، لەو زەمان و لەو مەكانە ئیذەن ریسالەكە ئەسلەن لەبۆ وێیە لۆیێ(وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ)(الشعراء٢١٤) ئەقرەبین نەسەبەن، ئەقرەبین جوغرافیەتەن، ئەو بەدەنەش كە خەیرو بەرەكاتی ئەو عاردەی خواردیە لەو ئاوەی خواردیە، ئیذەن ئەو عاردە ئەو جێیە و ئەو ئەشخاصانەی كە لەو عاردەی دەژین حقوقیان لەسەری هەیە، لۆیێ بالنتیجة دەردەچی ئەمە لەبەر ئەوە بە دەستەخۆمان لێرە مەخلوق نینە بە ئیرادەی خۆمان مەخلوق نینە لێرە ئیستیشارەمان پێ نەكرایە لێرە مەخلوق بین لەبەرئەوەی لەو زەمانە و لەو مەكانە مەخلوقین(بقدر معين) مەخلوقین، فەوضای تێدا نییە، عەفەویەتی تێدانییە، موصادەفەی تێدا نییە، ئیذەن قەدەری خوای ئەوهای دەوێ لەو زەمان لەو مەكانە ئەو جەمعە بگاتە یەك، دیسان ئیرادەی خوایە، لۆیێ موحتەمەلە ئەگەر ئەمن خەلەلم هەبێ ئەمن واز لەو جەمعە دەینم، موحتەمەلە برایەك حائلەك شتەك مانعەك دەبتە سەبەب واز لەو لیقائاتانە بینین، ئەمما بە تەصەووری من حرص لەسەر ئەو لیقائاتانە لەوەی خودا ان شاءالله ئەگەر لێمان ڕاببینی ئەو دەرسانە ببتە لیقائاتانە ببتە سەبەبی تەوفیق لەبۆ ئیرادەی خوای، بەمن حرص دەبی زیادبی، كەینێ ئەو ذەواتانە تانیان فیعلەن لە داخیلی خۆیان ئەو ئیمانە نەوعییە دروست كەن، ئەو وەختی تەعامولە نەوعییەكە لەبابی صەداقەت و زەمالەت دەردەچی لەبۆ مەفهومی ئوخووەت، بە تەصەووری خۆشم هەر یەكە مەوهیبەی خاصی خۆی هەیە، ئێستاش كەشف ناكرێ ئیمان دەتانی كەشفی مەواهیب بكا لە مستەوایەك موعەییەن، ئەو وەختی فیعلەن هەر یەكە ئا ئەو فەراغە پڕ دەكا كە باری تعالى ئەصلەن لەبۆی خەلق كردیە، لەبۆ ئەو فەراغەی دایدەنێ كە ئەصلەن لەبۆی خەلق كرایە ئەو ذاتە، ئیذەن حرصمان لەسەر ئیجادی ئەو ئیمان وە تەقویەی ئەو ئیمانە و صەمیمیەت لە مەوضوع ئەدای ئیرادەكی موعەییەنە بە نسبەت باری تعالى، لۆیێ بە تەصەووری من فیكری ئینتیقالی فكرەك حزبییە، فكرەك ضەییقە، بەشەرییە هەتا ئینتیقال لە جێیەك لەبۆ جێیەك لە مەنطقەك لەبۆ مەنطقە، لە شارەك لەبۆ شار یاخود لە دەولەت لەبۆ دەولەت فكرەك صائب نییە قورئانییەن، وە موراجەعەی پێ دەوێ، بەلێ ئەوە ماددەی دووەممان بوو.

كێ سوئالی هەیە ئیستفسار؟ بەلێ:

- مامۆستا بەنسبەت پرسیارەك ئایا ئەو مەوهیبانەی جەنابت باس دەكەی هەتا ئیمان دێنی بەڵگەی ئەو قورئانەی لەسەرە؟

- بەڵێ ئەوی ئەوی ئیمان کەشفی ئەو شتەی دەکا؟ بەرێ ئەصحاب، هەتا سێزدەمین سورەت بەحسی هیچیان لەبۆ ناکرێ، پاشان مەواقیفیان لێ طەلەب دەکرێ ئەو مەوقیفە موقابیلی ئەوجوملە ئیمانەیە کەلە داخیلیان دروست دەکرێ، مەثەلەن بەحسی(اهدِنَـــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ،صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّـالِّينَ)(الفاتحة 7) فیئەك تەحدید دەکا، دوو فیئە سەحب دەکا، ئیزاحە دەکا، فیئەك طەلەب دەکا ببێتە عونصرەك تێیان دا، دوو فیئە نەفی دەکا مغضوب، ضالین، سورەتی فاتیحە پێنجەمین سورەتە لە تەرتیبی نزول، کە زۆرجار ئەمە دەرێین یەهود و نەصارانە، ئەوانە جارێ یەهود و نەصارا تەشخیص نەکرابوون بە پێنجەمین سورەت، ئێذەن دوو فیئەی ضال و مغضوب هەیە لە ئەثنای تەکوینی ئیمان، کە ئەو حالەتە سەحب بوو کابرایەك لەو ذەواتانە بوو(من الذين أنعمهم الله عليهم) لەکێ(من النبيين)، صیفەی ئیمان(صدیقین) صیفەی ئیمانیە، (شهداء) صیفەی ئیمانە، (صالحین) صیفەی ئیمانە، واضحە؟ هەر یەکە دەوری خۆی ئەدا دەکا، مەثەلەن شەهید دەوری خۆی ئەدا دەکا، وەضیفەك موعەییەنە دەورەك موعەییەنە،(صدیقین) وەضیفەك موعەییەنە دەورەك موعەییەنە، لە حالەتەك موعەییەن دەوری خۆی دەبینی، مەثەلەن دەوری ئەبوبەکر لە صددیقییەت غەیری دەوری عەدالەتی ئیمامی عومەرە واضحە؟
- مامۆستا ئەدی بەنسبەت ئەوەی ئیمامی عەلی؟
- بەڵێ.
- یەعنی لەو تەمەنە گچکەیەی گەیشتبوە ئەو مەوهیبەی کە قیصەکە باس دەکا؟
- لەبەر ئەوەی فیطرەی ئیمامی علی نەقییە و ئیشی لەسە نەکرابوو سەریع و ئستجابە بوو لەبۆ مەوضوع، وەکو ماددەکی خام خاوێنە صافە، کە پێغەمبەر(صلى الله عليه و سلم) ئیشی لەسەر دەکا ئیحتیاجی بەوەی ناکا هەدم کاو بینا بکا، یەکسەر بەنەقییەوە یەکسەر نەصب دەکا ئەوە خۆی دەوری خۆی دەبینی.
- یەعنی هی وی جیاواز بوو لەگەر وان؟
- ئی وی جوایێز بوو لەگەر وان، لۆیێ سريع الاستجابه بوو، ئەمما شەخصەك وەکی ئیمامی عومەر نەخێر دەبی جهود لەگەر خۆی صەرف کا، لۆیێ تەمەشاکە زەمەنەك هەیە بەینی ئیمان هینانی ئیمامی عومەر لەگەر ئیمان هینانی ئەبوبەکر.
- مامۆستا بەنسبەت مەوهیبەکان ئایا ناکرێ یەعنی شەخصەك هەبی تەحدیدی بکا کە دەگاتە مستەوای ئیمانی؟
- نەخێر مەخسەد نمونەت لۆ بینمەوە.

یەعنی ئێستا پێغەمبەر(صلی الله علیه و سلم) کاتێك کە گەیشتە مەرحەلەکی لۆ بە چ صەحابەکی پێی نەگۆ بێجگە موصعەبی بچی بچتە مەدینەی؟

بەلێ، ئاخر ئەو حالەتە پێغەمبەر(صلی الله علیه و سلم) نەك ئیجادی دەکا تەکوین دەکا، ئەو حالەتە خۆی مەوجودە، ئیمان تەفتیحی دەکا، ئەعراضی کەشف دەکا، پێغەمبەر(صلی الله علیه و سلم) ئیستیعمالی دەکا تەوجیهی دەکا، مەثەلەن ئێستا ئەمە برامان هەیە لێرە برێین باری تعالی مەوهیبەی فیکری دایتێ، برایەکی دکە هەیە، باری تعالی مەوهیبەی ذهنی دایتێ، برایەکی دکە هەیە مەوهیبەی قسەی دایتێ، برایەکی دکە مەوهیبەی مومارەسەی یەدەوی دایتێ، موقەسسەمە، موجەززەئە مەوضوعەکە، ئاە مووەززەعە، کەینێ ئەو مەوهیبانە کەشف دەبی؟ ئیمان تێیدا دەفعی ئەو مەوهیبەیەی دەکا، کە ئەعراضی مەوهیبەکەی کەشف بوو موقابل حیسی پێ کرد یەکسەر تەوجیهی دەکا لەبۆ ئەو حالەتەی واضحە؟

- بەلێ.
- خۆی ئیحساس بەخۆی دەکا ئەو حالەتەی هەیە، ئەعراضی پێوە دیارە، موقابلیش مەثەلەن برایانی خۆی دەوروبەری خۆی ئەوانیش ئەو حالەتەی لێ دەبینن، طەرەفەین ئیحساس بەو شتەی دەکەن، ئۆتۆماتیکیەن سەبر سەبر خۆی دەخزێتە ئەو فەراغەی، خۆی شۆڕ دەبتە ئەو فەراغەی ئەو فەراغەی پڕ دەکا.
- پرسیار/ یەعنی کە بەدەرکەت بەخۆی دەبی بچی.
- بەخۆی ئۆتۆماتیکیەن دەچی، بەلێ، مەثەلەن لەناو سوننەی زەمانی بەنی ئیسرائیلیین وەکو حەزرەتی یوسف(قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَآئِنِ الأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ)(یوسف 55) لە ئوممەی وان لە تەشریعی وان کابرا حەققی هەبوو مەلەکەی هەیە مەوهیبەی هەیە ئیحساس بەو مەلەکەیە بەو مەوهیبەیە دەکا، خۆی عەریزە تەقدیم دەکا لەبۆ مەلیك، لە ئۆممەی ئیسلامی شەریعەی موحەممەدی نییە ئەوە، مەثەلەن هەبوو لەخۆی رادەدیت قووەتی هەیە صەلابەتی هەیە دەکرێ ببتە ئەمیر، خزمەکی پێغەمبەری هەیە حەزناکەم ناوی بینم خۆی ئەوها دەدیت، رۆژەك هاتە خزمەت پێغەمبەر(صلی الله علیه و سلم) گۆتی بمکە وەلی ئەمر لە جێیەك! تەوەللی جێیەکم دێ! پێغەمبەر(صلی الله علیه و سلم) فەرمووی(انا لا نولیها لمن طلبها)، عیلمەن موعاذی کوری جەبەلی بانگ کرد گۆتی برۆ یەمەن، لۆ؟ لە داخلی موعاذ جوملەك شت هەیە کە ئیمان، عیلمەن موعاذ مەدەنییە خەلکی مەدینەیە پاش نەقلی پێغەمبەر(صلی الله علیه و سلم) لە مەککە لەبۆ مەدینە ئەو وەختی موعاذ بووە موسلمان، لە رەعیل ئەووەل نییە، لە تابعیینی مؤمنینە، لە قورئان تابعی لەگەر زەمانی صەحابەی پێکەوە بووینە، ئەمما

صەحابە قەطع دەبی، جوملەك موعەییەن صەحابانە ما تەبەققا تابیعینە(وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ) (التوبة 100)، ئەوانیش موبایەعەی پێغەمبەریان کرد(تحت الشجرة)(رضي الله عنهم وأرضاهم) ئا ئەوجا لێرە(معاذ بن جبل لەو فیئەیەیە کە لە مەدینەی موسلمان بوو، ئەمما کە ئیمانەکەی بەو عومقەو بەو نەوعەی وەری گرت پێغەمبەر(صلی الله علیە و سلم) یەکسەر دێت تێیدا تەشخیصی کرد، ئەو ذاتە دەتانی قائیم بی بەو موهیممەیەی، بانگی کرد و ناردی(إِنَّكَ تَقْدَمُ عَلَى قَوْمٍ أَهْلِ كِتَابٍ، فأدعوهم فأدعوهم فأدعوهم) (رواه البخاري) ئەمری پێ دەکا، ماددەی ئەووەلی کە ئەوەی ئیشی پێ دەکا وەکو دەستوور دەداتە موعاذی بە پێنج شەش کەلیمەی، لەوەی ئەوجا موعاذ خۆی دەتانی ئیشی لەسەر بکا، واضحە برای من؟ مەثەلەن مەسئول ئەمنی پێغەمبەری ئیمامی عەبباسە، لەگەر دوو سێ صەحابەی دیکە، مەسئول ئەمنی عاممی پێغەمبەر، عیلمەن لەناو ئەوەش ذکری نییە، کەینێ کەشفی کرد پێغەمبەر(صلی الله علیە و سلم) لە ئەسنای فەتحی مەککە، لە غەزوەی بەدریش، گوتی: ئەگەر دیتتان فلان و فلان فلان مەیکوژن! ئەو سێ ناوە کەس نەیانکوژی! ئەو وەختی کەشف بوو، نەخۆ هەتا ئەو وەختی کەشف نەببوو، کو؟ ئیمامی عەبباس ظاهرەن مؤمن نییە لەگەر جەمعی مؤمنینە لە مەککەیە، لەبیرتانە کێ مەوجود بوو لە دروسی سیرە؟ لە موبایەعەی یەکەم لە پێغەمبەر(صلی الله علیە و سلم) لە ئەنصاریین وەردەگری، کێ پێغەمبەر تەقدیم دەکا؟ عەبباس، عەبباس دەچی مەسحی هەموو مەنتیقەکەی دەکا، ئەشخاصەکان دەناسی، جەردیان دەکا، قەوائیمیان لۆ دروست دەکا، پاشان کە مەوکیبی پێغەمبەر(صلی الله علیە و سلم) دێ ئەو موتەقەددیمە، مەجموعە عەناصرەك تەوزیع دەکا لەسەر چیاکان ئیمامی عەلی لە فلان جێ راوەستی، و فلان لەفلان جێ راوەستی، تەوزیع دەکا هەموو ئەدوار، ئەوجا پاشان دێ لەبەر ئەوەی مەسئول ئەمنی عاممە ئەمنییەن قەزیەی تەرح دەکا لەبۆ جەماعەت، ئاگاتان لێ بی ئەنگۆ لەگەل کێ قسان دەکەن! ئەو کابرایە ئەوهایە لەکنەمنە، واضحە؟ عیلمەن بەحسی ئیمانی خۆی ناکا بەتاتەن.

- مامۆستا ئەوە ئیمانی هەبوو؟
- بەلێ ئەمما پێغەمبەر(صلی الله علیە و سلم) لەو فەراغەی دایناببوو ڕێك کە لۆی خەلق کرابوو، ئەمما کە چوونە مەدینە دەوری نەما،
- پرسیان ئایا سیرە وەدەلێ؟
- بەرێ سیرە وەدەرێ هەموو کتاب وە دەلێ، بڕۆ تەمەشای قورئان بکە ئیستنتاج دەکەی نەخێر کابرا مؤمن بوو(وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ

رَبَّنَا)(النساء٧٥) (عسى أن يتوب الله عليهم) ئەوە لەبۆ ويە، واضحە؟ فە ئەو شتانە مربوطە بە ئيمان، مربوطە بەو جەمعەی ئەو دەورە دەبينی، سەراحەتەن ئومەی ئيسلامی لەبەر ئەوەی احساحسی بەو حالەتەيە نەكرديە لۆيێ جهودەك زۆر بە بەلاش دەڕوا جهودەك زۆر بە بەلاش دەڕوا، بەداخەوە اتجاهاتی ئيسلاميش كەشفی ئەو حالەتەيان نەكرديە.